٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩

# سکرتێری گشتی

**SG/A/1199**
**BIO/4123**
**IK/609**

نەتەوە یەکگرتووەکان

بەڕێوەبەرایەتیی راگەیاندن / بەشی میدیا و هەواڵەکان / نیویۆرك

ژیاننامە

## سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان

## کریستینا ماکنابی سوێدی وەك جێگری نوێنەری تایبەت بۆ عیراق دادەمەزرێنێت

بان کی مونی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان **کریستینا ماکنابی** سوێدیی وەك جێگری نوێنەری تایبەتی خۆی بۆ عیراق دامەزراندووە. خاتوو ماکناب سەرۆکایەتیی پێکهاتەی پشتگیریی پەرەپێدان و مرۆیی لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی) دەکات. ئەو هاوکات وەك هەماهەنگسازی نیشتەجێی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەماهەنگسازی مرۆیی بۆ عیراقیش کاردەکات. خاتوو ماکناب جێی دەیڤید شێرەر دەگرێتەوە. سکرتێری گشتی سوپاسگوزارە بۆ رابەرایەتیی بەڕێز دەیڤید شێرەر و بەشداریکردنی لە هەماهەنگیی باشترکراوی سیستمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق.

خاتوو ماکناب لەگەڵ خۆیدا سامانێکی شارەزایی دێنێت لە هاوکاریی پەرەپێدان لە کاری پێشووتری لە ئاژانسە دووقۆڵی و فرەقۆڵییەکان لەگەڵ بەشدارانی حکومەتەکان و دامەزراوە دەوڵەتییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی و کەرتی تایبەت.شارەزاییەکەی بەتایبەتی لە بواری چاکسازیی کەرتی گشتی و فەرمانڕەوایی دیموکراتی و پەرەپێدانی تواناسازی بۆ پشتگیریکردنی بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەرەپێدانی هەزارە چڕ بوونەتەوە.

خاتوو ماکناب ئێستا نوێنەری نیشتەجێیی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP) و هەماهەنگکاری نیشتەجێی نەتەوە یەکگرتووەکانیشە لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا. لە ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٦یش لە پۆستێکی هاوشێوەدا وەك هەماهەنگکاری نیشتەجێی نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەری نیشتەجێی UNDP لە ئەردەن کاریکردووە.

پێش کارکردن لەگەڵ UNDP، خاتوو ماکناب سەرۆکی بەرنامەی پەرەپێدانی سوێدی بووە لە کۆماری یەکگرتووی تانزانیا و زامبیا بەدوای یەکدا. پێشتریش وەك راوێژکاری باڵای پەروەردە و مەشق بۆ دەزگای پەرەپێدانی پەرەسندنی نێودەوڵەتیی سوێدی (SIDA) کاری کردووە.

خاتوو ماکناب ساڵی ١٩٤٨ لەدایك بووە، خێزاندارە و دوو منداڵی هەن. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆمەڵناسی و ئەنثرۆپۆلۆجیای کۆمەڵایەتی لە زانکۆی وێلز بەدەستهێناوە و دکتۆراش لە پەروەردەی بەراوردکاری و نێودەوڵەتی لە زانکۆی ستۆکهۆڵم.

❋ ❋ ❋ ❋ ❋

تۆماری رەسمی نییە. تەنها بۆ راگەیاندنە